# گەر ساڵی تازەی 2007 ببێتە هەوێنی وازهێنان لە کردارە ناسالارەکان، دڵنیام ساڵێکی ئاسودە دەبێت بە زۆرینەی ماناکانییەوە!!!!!!




سارا عومەر، دانیمارک
2006/12/29
Xozga86@hotmail

دەبینم بەم ڕۆژگارە خەڵکی لە جم و جوڵ و خۆ ئامادەکردندایە و خۆی داوەتە بەر باری بیرکردنەوە بۆ خۆ ڕێکخستن بۆ پێشوازی کردن لە ساڵێکی نوێ، ئای چەندە جوانە بۆ کات و ساتێک بژیت، کە ئەویش بەوێنەی تۆ بۆت بژی!

نازانم، ئەم خەڵکە بیریان چۆتەوە، کە ساڵێکی تری تەمەنمان لە ڕۆشتندایەو پێدەخەینە ناو یەکێک لە گوناهەکانی تری خۆ هەڵخەڵەتاندن بە هیوای جوان و ژیانی ئاسودە، یان ڕاستەوخۆ ئەمە خۆ خڵافاندنە لەو ڕاستییە شەوقدارە؟ !

خۆزگە دەمزانی ئەم دڵە بچوکە دەبێک چ ئامڕازێک بێت، وا لەکاتی ناخۆشیدا دەمان گریەنێت و فرمێسکی بە خوڕ لە چاوەکانمان دەهێنێتە دەرەوە.
لە کاتەکانی ئاسودەیشدا خۆمان فڕێ ئەدەینە ناو کۆمەڵێک شێواز لە شێوازەکانی پێکەنین و هەر دەمە و بە جۆرێک پێکەنینی سەیر سەیرەوە دەگەڕێینەوە و میتۆدێکی سەیر دەکەین بە هەوێنی زەردەخەنەکانمان، مەگەر خودا بزانێت چەندە خۆمانی پێهەڵدەخەڵەتێنین و چەندە جامبازین لە کاتی دەربڕینیدا!
خۆزگە هەموو زەردەخەنەیەک سەرچاوەکەی لە دڵەوە بووایە نەک لەسەر لێوەوە !

زۆر خۆشە، ئەگەر لە کاتێکدا مرۆڤ بە جوانییەکانی خۆیدا گەش گەش باڵا بکات و وەک ئاوی گوڵاو بەناو هەموو خەڵکێکی تری ئەم جیهانەشدا ئەو خۆشییەی ناو ناخی خۆی بڵاو بکاتەوە و لە ناخۆشترین و ناهەمووارترین شوێن، کە پێی دەڵێن ( زەوی) خۆشترین و نازدارترین باخچەی کۆبونەوە دروست بکات و لەباتی ئەوەی ڕەخنە لە کردار و ڕەفتارەکانی بەرامبەرەکانی بگرێت، غیرەت بداتە بەر خۆی و دەستی

هاوهەناسەکانی لە دوور و نزیکەوە بگرێت و هەڵەکانی یەکدی لە شێوازی ئاخافتنێکی دوور لە هەڵچونی دەروونیدا بۆیەکدی شیکار بکەن.

ئازیزان، هیچ کات دۆستایەتی و دڵسۆزایەتی لەوەدا نییە، کە بە هاوڕێکەت بڵێیت: وەرە با خۆمان مەست و خەڵتانی خوێنی ڕاستییەکی درۆ بکەین، کە لە ڕاستیدا بوونی نییەو لە دڵگوشینی خۆمان زیاتر هیچی تری تێدا نییە !
دڵسۆزی تەنها لەوەدایە، کە بەر لەوەی کردارێک ئەمجامبدەیت لە خۆت بپرسیت 'ئایا ئەمە ڕاستە من دەیکەم؟'
ئایا خوێنەرەکانم، هاوەڵە خنجیلانەکانم تا چەند دڵیان بەم کردارەی من دەکرێتەوە !! ئەمە دڵسۆزییە، کە تۆ بەر لە هەموو کەس خۆت بخوێنیتەوە، چونکە دڵنیابە هەرکاتێک تۆ ڕێزی خۆتت گرت، ئەوە مسۆگەریشت کردووە، کە هاوەڵان و نزیکانی دڵیشت لەلایەکی دڵە بەئاگاکەی خۆتدا جێگەکردۆتەوە و کەم تا زۆریانت لە خۆت و لە کردارەکانت ڕازی کردووە !

پەڕە بە پەڕەی گوڵی تەمەنم بەوەوە هەڵوەراند، کە تێبگەم گوناهەکانی مرۆڤ لە کوێوە سەری هەڵداوە!
بۆ دەبێت ئێمە کوشتنی بەرامبەرەکانمان بە تەنها قسەیەکی بچوک، کە وەک بەرد هەڵی دەدەین و دەیکێشین بە سنگ و دڵی هاوژیانەکانمادا ئاسودەمان بکات ؟؟؟ بۆ ؟؟؟

یان تێناگەم بۆچی ئێمە لە نووسینەکانماندا پێشبڕکێی یەکدی بکەین، ئایا بابەتی ( زۆر و بۆر ) چ بەرەوپێشچونێکە؟؟
لە هەڵکردنەوەی کات بەرەودواوە زیاتر نەبێت، چیترتان دەست دەکەوێت ؟
بۆ لەکاتێکدا کە ئێمە پرۆژەیەکمان بەدەستەوەیە و بۆیەکەم جار لەدایک دەبێت بۆ دەبێت چەندەها کۆرپەپرۆژەی تری بەدوادا بێت بەرلەوەی ئێمە دڵنیابین لەوەی کە تا چەند پرۆژەی یەکەم سەرکەوتو بووە ؟؟

باشە هەتا کەی ئەم میللەتە لەگەڵ ئەو بیر و باوەڕەدا بژی، کە کوڕ و کچێک دەبینن بۆ یەکەم جار یەکدییان دۆزیوەتەوە و دەست لەناو دەست و یەک دڵ لەناو دوو جەستەدا ژووانێک ساز دەکەن، دواتر دەیانکەنە قسەی چایخانە بێئیشەکەی ڕۆژانەتان و ڕۆژ دوای ڕۆژ لەبارەی ڕەوشتی ئەو نەگبەتە دڵدارانەوە دەدوێن و ناویان پیس دەکەن لەهەم و کوچە و کۆڵانێکی ئەم زەوییەدا ؟ بۆ دەبێت خۆشەویتی لای ئێمە ( عەیبە ) بێت لەکاتێکدا لە هەموو شوێنێکی ئەم سەر زەمینەدا بناغەی دروستبوونی ژیانە ؟؟؟؟؟؟؟!!!!!!!!!!!!!!!

دەزانن ؟ سەرکەوتن لەوەدا نییە، کە باس و زەمی خەڵکی بکەن ؟
سەرکەوتن لەوەدا نییە، کە کەسێکی تر بکەنە پاڵپشت و خۆتان تەنها قسەی بێکردار بکەن!
سەرکەوتن لەوەدا نییە، کە هەتا ئێستاش جیاوازی لەنێوان و کوڕ و کچەکانتاندا بکەن !
سەرکەوتن لەوەدا نییە، کە زەوی تەنها بە هیخۆتان بزانن !
سەرکەوتن لەوەدا نییە، کە تۆزێک پارەتان دی ئیتر ڕابکەن ژنێکی تر بهێنیت و دڵی ژنی یەکەمتان بگوشن بەبێ ئەوەی هیچ بیری لێبکەنەوە !

دەزانن؟ سەرکەتن لەوەدا نییە، کە خۆتان بە خاوەنی بچوکترین شتی ئەم سەر زەویە بزانن، کە لە کاتێکدا هیچ شتێک موڵکی ئێمەی مرۆڤ نییە و ئێمەش وەک هەموو بونەوەرێکیتر دەبێت سەرجەم و کۆی هەموو ڕەنجەکانمان بۆ ئەم خاک و زەوییە جێبهێڵین ؟
وەک پاولۆکۆیلۆ دەڵێت ( مانای ڕاستەقینەی ئازادی ئەوەیە، گرنگترین شتی ئەم جیهانەت هەبێت، بەبێ ئەوەی خاوەنی بیت )

گەر ئەمساڵ ببێتە ساڵی خۆبەدوورگرتن لە درۆ ڕەش و سپی و ڕەنگاوڕەنگەکان، ئەوە دیسان دڵنیام دەبێتە ساڵی بەرقەراربوونی ڕاستی و ئەمەش سومبلێکە بۆ چەسپاندنی ئازادی ناو ڕۆحی مرۆڤایەتی.
ئازادی تەنها ئەوە نییە لەلایەن دەسەڵاتدار و سەرکردەکانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت و چەند یاسا و ڕێنوسێکی بۆ دابنرێت، بەڵکو ئازادی بەر لە هەموو شتێت دەبێت لە هەناسەکانی خۆماندا سەرچاوە بگرێت و لەناخی خۆمانەوە بناغە دابنێت!
تکایە با تواناکانی مرۆڤایەتی لەوە زیاتر بچوکتر نەبێتەوە!

ساڵی نوێتان پیرۆز بێت و هیوادارم ئەمساڵ نەبێتە ساڵی پێشبڕکێی ئافاتە بەدفڕەکان.
ژیان هەموو کات لە دەستی خۆتتدایە، تەنها بە یەک مەرج
( گوێ بۆ هیچ شتێکی تر مەگرە، لە خواستەکانی دڵت زیاتر )